Home | Contact us | About us

سەرەکی | پەشەکان | ئەرشیف | ئاوێنە | ئاوێنەکان | ئاوێنە




ئەمودبوی شتەکان
لەنزیکەوە
پەنجەرە
ئاوێنەی ڕووداوەکان
ئێرە و ئەوێ
گەڕان
هاواری بەشوێنەکانتان



| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 05 | 04 | 03 | 02 | 01 |
| 10 | 09 | 08 | 07 | 06 |
| 15 | 14 | 13 | 12 | 11 |
| 20 | 19 | 18 | 17 | 16 |




ئەم بابەتە چاپ بکە

24/2/2009

# پێویستی هەبوونی کەلتورێکی نوێ لە کوردستانێکی گەشەکردوودا



■ نووسینی: د.سەلاح عەزیز
■ وەرگێڕانی: ئەیاد خالید

ئەوانەی سەردانی کوردستان دەکەنو ئەوانەشی رۆژنامە سەربەخۆکان دەخوێننەوە لە ناوەوەو دەرەوەی کوردستان، تێبینی دیاردەیەکی نوێ دەکەن، ئەویش زیادبوونی بانگەشە کردنە بۆ ریفۆرمو چاکسازی لە سیستەمی سیاسیو شێوازی حوکم کردن لە کوردستاندا. لەناو هەردوو حیزبە سەرەکییەکەی ئەو هەرێمەش، سەرکردە گەنجەکان پاڵ بە ئەندامە کۆنەکانەوە دەنێن بۆ رەخساندنی پانتاییەکی زۆرتر لە بەردەم چاکسازیدا. لە دەرەوەی حیزبە سیاسییەکانیشەوە، هزرڤانو چالاکوانەکان بانگەشەی کیانی سیاسی نوێو رێچکەیەکی تازەش بۆ سیستەمی حوکم کردن لە کوردستان دەکەن. هەموو ئەو تێزو بۆچوو نە نوێیانەش شیاوی جێبەجێکردننو لایەنگرو پشتگیریکاری خۆشیان هەیە، هەریەکێکیشیان ئەگەرن بۆ چارەسەری ئەو هەلومەرجە هەنووکەییە. لەگەڵ ئەوەش، من پێم وایە گرفتی راستەقینە لەو کەلتورە سیاسییە دایە کە ئێستا پەیرەوی لێدەکرێت. بۆیە دەبێ ئامانجی هەر چاکسازییەك، کارکردن بێت بۆ بەدیهێنانی کەلتورێکی سیاسی جیاواز لەوەی ئێستا هەیە، تاوەکو بتوانرێ کوردستان تەیارو ئا مادە بکرێت بۆ رووبەڕووبونەوەی ئاستەنگەکانی کە لە سەدەی بیستو یەك دێنە پێش.

گومانی تێدا نیە کەوا کوردستان لە رووی سیاسییەوە پێشڤەچوونێکی بەخۆیەوە بینیوە لە 1991وە، بەوەی توانی تا ساڵی 2003 کاروباری خۆی بەڕێوە باتو خۆی حوکمی خۆی بکات. هەروەها لە ساڵی 2005یش ببێتە هەرێمێکی فیدراڵی. لە هەڵبژاردنەکانی 2005یشدا، دەرکەوت کەوا بەشداریکردنێکی چڕو پڕی خەڵکی هەیەو پشتگیرییەکی گەرمو گوریش لەلایەن پارتە سیاسییە سەرەکییەکانی کوردستانیش بەدی کرا: پارتی دیموکراتی کوردستان KDPو یەکێتی نیشتمانی کوردستان PUK. گرنگترین رۆڵیش کە بینیان، بریتی بوو لە بەشداریکردنیان لە نووسینەوەی رەشنووسی دەستووری عێراقیو هەروەها زیادکردنی بەشی هەرێمی کوردستانیش لە داهاتی نیشتمانی عێراقدا. ئەو دەسکەوتانەش دەبێ وەکو دەسکەوتێکی مێژوویيو ئەنجامی خەباتی بزووتنەوەی نیشتمانی کوردی سەیر بکرێن. چونکە سەرەڕای هەبوونی کەمو کورتیش، بەڵام هەوڵەکانی ئەو بزووتنەوەیە هۆکاربوون بۆ پێشخستنی پێگەی کوردی لە رووی سیاسییەوە لەسەر ئاستی عێراقدا.

لەگەڵ ئەوەش، وەکو هەر بزووتنەوەیەکی نیشتمانی تر لە کۆمەڵگەیەك کە مۆرکی خێڵەکایەتی پێوە دیاربێتو لە وڵاتێکی تازە پێگەیشتوودا، بزووتنەوەی کوردی کەلتورێکی تایبەت بەخۆی هێنایە دی. لە چوارچێوەی ئەو کەلتورەش، دەسەلاتێکی قۆرخکراو رێچکەی گرت، کە کەوتە حاڵەتی رووبەڕوبونەوەو پشتگوێخستنی یاساو پێوەرەکانی حکومەتی ناوەندی لە عێراق. بۆیە، ئەو سێزدە ساڵەی نێوان ساڵەکانی 1991 تا 2003، ماوەی گواستنەوە(انتقالی) بوو بۆ گەلێ پارتو کەسایەتی کوردی. سەرەڕای بەرهەڵستیکردنی لایەنە نێوخۆیی، ناوچەییو نێودەوڵەتییەکانیش بۆ کیانێکی سەربەخۆ لە کوردستان، بەڵام سەرانی کورد هەوڵیان دەدا حوکمی هەرێمێکی «ئەمری واقیع» بکەن لەڕێی دەرکردنی یاساو رێککەوتن لەگەڵ جۆرەها دامەزراوەی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەی نەوت بەرانبەر بە خۆراك. کە ئەمەش ئەزموونێكو وانەیەکی باش بوو بۆ پارتە سیاسییە کوردییەکان. بەوەی خزمەتێکی زۆرتری کوردەکانی لێ بە ئەنجام دەهات بە بەراورد لەگەڵ دەسەڵاتی سەدام حوسێن.

دوای داگیرکردنەکەی ئەمەریکا بۆ عێراق، هەلومەرجی سیاسی گۆڕانکاری بەسەردا هات، بەوەی دەسەڵاتو رژێمی سەدام لابراو دەستوورێکی گونجاویش نووسرایەوە. کوردەکانیش بوو نە هاوبەش لە حوکم کردنی عێراقدا. پۆستە هەرە بەرزەکانیش وەك، سەرۆکایەتی کۆمار، جێگری سەرۆك وەزیرانو وەزیری دەرەوەش درایە کورد. لەوەش زیاتر حکومەتو پەرلەمانێکی چالاكو کارا لە بەغدا پێکهێنران. حکومەتیش پەنای بردە بەر سوپا بۆ سەقامگیرکردنی ئاسایشو چاکردنەوەی رەوشی ئەمنی.

هەروەها بۆ پتەوترکردنی مافە دەستورییەکانی خۆشی لە حوکم کردنی عێراقدا. ئەو راستیانەش دەبنە هۆی سەپاندنی کەلتورێکی باشترو چاك کراو، دواتر پێویست بوون بۆ هێنانەدی هزرو شێوازی کارکردنی نوێ لە کوردستان.

بە هۆی هەبوونی سەقامگیری سیاسیو ئەمنی لە کوردستان -بە بەراورد لەگەڵ بەشەکانی تری عێراق- دەبوایە دەسەڵاتو فەرمانڕەوایی یاسا ببوایە پرەنسیپێکی سەرەکی لە سیستەمی بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمە.

راستە کەوا کوردستان دەستورێکی تایبەت بە خۆی نییە، بەڵام دەستووری عێراقی بۆ هەموو بەشەکانی عێراقە. کە هەر دەستوورێکی تازە دارێژراویش لە کوردستان نابێ پێچەوانەی دەستووری عێراقی بێت. لەسەر

ئەو بنەمایەش، پێشبینی دەکرێت کەوا سەرکردە کوردەکانو پارتە سیاسییەکانیش سەرمەشقی جێبەجێکردنو پەرەپێدانی بەندەکانی دەستوور بن. لەهەر کۆمەڵگەیەکیشدا، جۆری دامەزراندنو چۆنیەتی پەیڕەویکردن لە حوکمی یاسا رەنگدانەوە دەبێت بۆ ئاستو پلەی بە مەدەنی بوونی ئەو کۆمەڵگەیە. هەربۆیە، پێویستە لەسەر حکومەتی کوردی ئەو کەلتوورە سیاسییە نوێیە بناسێنێتو پەرەشی پێ بدات، کە لەسەر رێزگرتن لە یاساو سزادانی ئەوانەشی کە پێشێلی یاساکان دەکەن، بونیاد نرابێت. بەبێ رەچاوکردنی پێگەی سیاسیو بڕی سامانیانو پێگەی کۆمەڵایەتیشیان.

ئەو پارتە سیاسیانەشی کەوا میلیشیای چەکداریان هەیە، بەپێی دەستووری عێراقی کیانو پارتی نایاسایین. هەر لە کۆنەوەش، پارتە سیاسییە کوردییەکان پەنایان بردۆتە بەر چەك بۆ بەرپەرچدانەوەو بەرهەڵستی کردنی دەسەڵاتە زۆردارو ستەمکارە جۆراوجۆرەکان. هەرچەندەشی کەوا رۆڵی پارتە سیاسییەکان لە کوردستان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە لە 2003وە: کە ئێستا رۆڵی خزمەتکردنی کوردستان دەبینن.

بەڵام پێویستە هێزی چەکداریو دەزگا ئەمنییەکان لەژێر دەسەڵاتو کۆنترۆڵی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بن. چونکە دەبێ ئەرکی هێزە چەکدارو ئەمنییەکان تەنیا پارێزگاری کردن بێت لە کوردستان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆییو دەرەکیش. لەوەش زیاتر پێویستە پارێزگاریو خزمەتی خەڵکیش بکەن، نەوەك تەنیا خزمەتکردنی یەك پارتی سیاسی. پاراستنی ئەمنیەتیش پێداویستییەکی گرنگی پەرەسەندنو سەقامگیرییە.

لە ماوەی شەست ساڵی رابردوودا، سیاسەتمەدارە کوردەکان تەبەنای دروشمی «دیموکراسیەت»یان کردووە، کە پرەنسیپە سەرەکییەکانی دیموکراسیەتیش بریتیە لە: فرەیی سیاسی، هەڵبژاردن، دەستاودەستکردنی دەسەڵاتو جۆرایەتی بۆچوونەکان،...هتد. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانەش لەلایەن هیچ جۆرە پارتێکی سیاسی کوردییەوە پەیڕەوی لێناکرێت. ئایا دەکرێ پارتێکی سیاسی دیموکراسیخواز هەبێت، بێ هەبوونی کەلتوورێکی سیاسی دیموکراسی؟ بێگومان نەخێر. بۆیە، ئەرکی حکومەت بریتی دەبێت لە بەتواناکردنی کۆمەڵگە بۆ تەبەناکردنی سیستەمێکی دیموکراسی، بەوەی کە خۆی ببێتە نموونەیەك بۆ ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات.

لەلایەکی تریشەوە، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەسەر ئابووری کوردستاندا هاتووە: لە ئابوورییەکی خێڵایەتی بەرەو ئابووری کۆمەڵایەتیو دواتریش ئابووری لەسەر بنەمای بازاڕی ئازاد. پارتە سیاسییەکان بەر لە ساڵی 2003، کەلتوورێکی دیاریکراویان نەبووە بۆ ئابووری. بۆیە، ئەو هەڵسوکەوتەی کە بەم دواییانە دەرکەوتوون، بەشێکن لە کەلتورێکی تازە. بەڵام لەسەر بنەمای چی؟ لەسەر بنەمای تێوەگلانی پارتی سیاسی لە بازاڕەکان، کە ئەوەش بۆتە هۆی پتەوکردنی دەسەڵاتی ئەو پارتانەو سەرکردە باڵادەستەکانیشی! ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانەش بە گەندەڵی ناودەبردرێن. بەپێی یاساکانی عێراقو یاسا نێودەوڵەتییەکانیش هەڵسوکەوتی نایاسایین. کاتێکیش گەشەسەندنو پێشڤەچوون بەرجەستە دەبن، گەر حکومەت ئاسانکاری بکات لەبەردەم کارو پرۆژەکانو هەروەها پارێزگاریش بکات لە مافی بەکاربەران.

سیستەمێکی پەروەردەو فێرکردنی ئاست بەرز، بۆ هەموو نەتەوەیەك پێویستە، گەر خوازیاری ئەوە بێت شوێنی خۆی لەنێو بیرمەندان، ئابووریزانانو سەرکردە سیا سییەکانی جیهان بکاتەوە. سەرەڕای ئەو هەموو کۆتو بەندانەشی کە لەلایەن حکومەتی ناوەندی لە بەغدا سەپێنراوە لەسەر فراوانکردنی بواری پەروەردەو فێرکردن لە کوردستان، کوردەکان باشتر دەرك بە جەخت کردنەوەیان دەکەنەوە لەسەر خوێندنی باڵا بە درێژایی مێژووی عێراق. دوای ساڵی 1992 کوردستان فراوانییەکی زۆری بەخۆیەوە بینی لە بواری خوێندنی باڵاو دواتریش لە دوای 1998دا، خوێندنی ئاسایی، هەرچەندەشی کەوا جەخت کردنەوەکە لەسەر پڕو ژمارە بوو نەوەك لەسەر جۆر. لەگەڵ ئەوەش، پەرەسەندنو گەشەکردن پێویستی بە دەرامەتی مرۆیی بەهرەدار هەیە، کە تەنیا لە رێگەی سیستەمێکی فێرکردنی نایابو ئاست بەرز دێتە دی.

بەم جۆرە، چاکسازی راستەقینە دەبێ جەخت لەسەر گەشەسەندنی کوردستان بکا تەوە. گەشەسەندنیش لەڕێی دەسەڵاتی یاسا، سیستەمی دیموکراسی، شەفافیەتو هەروەها پەرەپێدانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای زانیاری بەدی دێت. مافو بەرپرسیارێتی هەموو تاکەکانو دەزگاو رێکخراوەکانو پارتە سیاسییەکانیشە، بۆ زامنکردنی بەشداریکردن لە پرۆسەی گەشەسەندندا. ئەرکەکانی حکومەتیش بریتیە لە رێکخستنی پرۆسەکەو پێشڕەوی کردنی رێچکەکەش.

Copyright © 2008 Awene Publishing Co Ltd. All rights reserved.
Created by Avesta Group for software solutions